
# تاعوون

ماردین ئیبراهیم

بۆ هاتی؟!
هێشتا خوێنی کۆترەکان
بەسەر منارەی مزگەوتەکانەوەیە
خوێنی لەقلەقەکان بەدار تێلەکانەوە ووشک نەبۆتەوە
دەخیلت بم بەم تاعوونە بۆ هاتی؟!
من هەر لە وەڕینی سەگەکانەوە
تێگەیشتم ئەم گوندە ئاسوودەیی نابینێت
تێگەیشتم ئەم گوندە بە ناڵەی بریندارەکان
لە خەو هەڵدەستێت،
منداڵان بە مارشی خەمباری سەربازەکان بێدار دەبنەوە
هاتی و بە غرورەوە بەلای تەرمەکاندا رابوردی
بەڵام خۆ حیکمەتەکانی هەناسەدان تا سەر بۆ کەس نابێ بیرت چوو
ئەو تەرمەی ترس داپیۆشیوە
سەردەمێک شاخێک بوو لە هەیبەت



ڕۆژانێک کێوێک بوو لە شکۆ

تۆ هاتی و

من بیرم لە بێدەنگی بەردەکان دەکردەوە

لە پیربوونی هەنجیر وورد دەبوومەوە

سەیری سەگەکانم دەکرد کە بە گومانەوە

بە مانگە شەو دەوەڕین

بیرم لای ئەو ڕاوچییانە بوو

کە نامەردانە کەمتیارەکانیان دەکوشت

من خەمی ئەو مارمێلکانەم بوو

کە لە تەنیاییدا دەمردن

کە هاتی، ئەسپەکان غەرقی تەپۆتۆز بوون

منیش غەرقی گومان

ئاو، چاوپۆشی لە ڕووتی دارستان دەکرد

بەڵام ئەوەی بەسەر ئاوەکانەوە بوو

ڕۆحی خودا نەبوو

تەرمی باڵندەکان بوو

* * *

لێم گەڕێن با لەتاریکیدا بمرم

لەتاریکیدا پێکەکانی بەختیاری

نەشئەی زیاترمان دەدەنێ

لە تاریکیدا ژەهرەکانی یەقین هەنگوینیتر دیارن

لێم گەڕێن با لە تاریکیدا بمرم

ڕۆژێک دێت نائومێدی دامان بگرێت

کاتژمێرەکانمان

ماوەی نێوان هەڵفڕین و نیشتنەوەی

مراویەیەکی بۆ دیاری ناکرێت

ڕۆژژمێرەکانمان

ماوەی نێوان دەنکێک بەرسیلە و

ترێی بۆ دیاری ناکرێت

ڕۆژێک دێت عەقڵمان ناتوانێت

قەڵشینی هەنارێک تەفسیر کات

دەستمان ناتوانێت

مەودای نێوان شۆڕەبی و جۆگایەک بپێوێت

* * *

لێم گەڕێ با لە تاریکیدا بمرم

کە خەڵوەتەکانی ڕووناکی پڕن لە درۆ و پیلان

لێم گەڕێ با دڵۆپێک لە شەرابی وەهم بخۆمەوە

با ڕشانەوە ساردەکانی بوون نەبینم

با گوللەی وێلی حەقیقەت نەمکوژێت

ئەی حەقیقەت!!

هیچ نامکوژێت گوللە ژەنگاوییەکانی تۆ نەبێت

ناوێرم لە ئاوێنەکانی تۆوە سەیری ڕوخساری خۆم بکەم

ناتوانم سەیری چاوانی خۆم بکەم

کە لە چاوانی گورگێک دەکات لە کاتی پەلاماردا

ئای چەند لە ئاوێنەکانت دەترسم ئەی حەقیقەت!

من چەند لە تۆ دەترسم

کەچی تۆش ناتوانیت ئەو تەمە ڕاونیی

کە وەک سوارێکی ناشی سواری ملی کۆلان دەبێت

* * *

تۆ دەتوانیت وەرزەکان لە قامووسی باخچە دەربێنیت

بەهار لە نەخشەی وەرزەکان بسڕیتەوە

پاتۆنیا لە ئەتڵەسی ئینجانەکان دەرکەیت

بۆ نایکەیت؟!

گوڵی هەنار تو کە سەرداری ڕەنگەکانیت

سپێدەیەک دەتوانیت بە هەڵبڕینی پێڵوویەک

ڕەنگەکان مەحوو کەیتەوە

نیوەڕۆیەک بە هێواشی بە کودەتایەکی سپی

پەپوولەکان لەناو بەریت

ئێوارەیەک بە نیگایەک



خۆرنشین لەبەردەم سیحری چاوەکانت دا بمرێت
شەوێک بە هێمنی
وێنەی زەوی لە ئەلبومی گەردوون دەربێنیت
بۆ نایکەیت؟!
گوڵی هەنار تۆ کەسەرداری ڕەنگەکانیت
چ ئەفسونێکە ژیان لە لێوەکانت دەچۆڕێت؟
چ حیکمەتێکە هێندە دڵ خۆشی؟
چ ئەفسونێکە!
شەوان دوگمەکانی سینگت
بۆ شنەی شەماڵی شارێک دەکەیتەوە
کە مودمینە بە خوێن و خیانەت
چ حیکمەتێکە سڵاو لە شەمشەمەکوێرەکان دەکەیت
کە کچەکانی خۆیان بە زۆر لە شەو مارە دەکەن
نەبادا تاریکی وەجاخ کوێر بێت
بەو شەقامە بڵێ توخوا
کەی لە تەنیایی من تێدەگات؟!
تا منیش پێت بڵێم گەرمیان و کوێستانی
پەڕەسێلکەکان
هەوڵدانێکی بێ هوودەی ترە بۆ بەختیاری
نەک دیکتاتۆریەتی وەرزەکان

* * *

ئەی مانگ

تۆ چۆن خۆت لەبەر ئەو هەموو نەزیفەی کانیدا گرت؟

ئەو کانییەی لە میوانداریی تۆ وەڕس نەدەبوو

کە پاوەنەکانی چارەنووسی ئێمە دەزرنگایەوە

چۆن توانیت لە ئاست خەمساردی قافڵەچییەکان بێدەنگ بیت؟

پاوەنەکانی بەختی ئێمە دەزرینگێتەوە و

قافڵەکانی ڕێگای عەجەم گاڵتەیان بە برینەکانمان دێت

ئەی خوایە

خۆ تۆ کێوی نائومێدی ئێمەت بینی

بۆ تۆزێک لە بەفری ئارامیت تێ نەکرد؟


خوایە کە تۆ ساڵنامەی ڕۆژەکانی ئێمەت بۆ ڕێک ناخرێت

ئەم هەموو گەمە کردنە بەم ژمارانە چی دەگەیەنێت؟


تۆ کە حەیزی مانگانەی گوڵێکت بۆ ڕاناگیرێت

چۆن دەتوانی بڵێیت

من سەروەری وەرزەکانم؟!



ئێمە لە تەنیایی کوشندەی تۆ تێ ناگەین
کە بۆ کاڵبونەوەی نامۆیی خۆت ئێمەت خوڵقاند
ئێمە چەند دەنکێک لە گێلاسە حەرامەکانی جوانیمان نەخوارد
کە دیواری شەو بەسەرماندا ڕووخا
هەنجیرێکی خەوخۆش چێشتەنگاوان لە خەو هەڵدەستێت
کەچی من بە پژمینی ڕیحانەکان بەخەبەر دێم
بە گریانی ئەو دەسکە نێرگزانە بەخەبەر دێم
کە لە پەرداخەکاندا دیلن
کەچی من هەمیشە بۆ تێگەیشتن لە سیحری بەرماڵەکان
دەگەڕێمەوە بۆ هەولێر
من ئاڵوودە بووم بە فەنتازیاکانی سەفەر
مودمینم بە دانیشتن لە سێبەری درەختە پیرەکانی بێ ئارامی
هەیهات، دوعاکان لە من گیرا بوون، هەیهات
کەس نەماوە شایستەی ماچ کردن بێت، شایستەی ئەوە بێت
لە دڵەوە پێی بڵێیت: ئەری هاوڕێم تۆش لە مردن دەترسیت؟!
تۆش لوورەلووری گورگەکانت پێخۆشترە لە گۆرانی فێلاوی عاشقەکان؟!



* * *

من لە ژێر شەنگەبی‌یەکانی وەهمدا

مەزموورەکانی داودم دەخوێند

کەچی تۆ وەک شەیتانێک لە بەرگی ئادەمی‌یەکدا هاتیت

دەستت گرتم و بە شەقامەکانی حەقیقەتدا ڕاتکێشام

هاوارم کرد لێم گەڕێ تۆ کە لە جادووگەرێک زیاتر نیت

لێم گەڕێ گرێکوێرەکانی وجود بە من ناکرێتەوە

من لە ژێر شەنگەبی‌یەکانی وەهمدا

سروودەکانی سولەیمانم دەخوێند

کەچی تۆ وەک گومڕایەک لەبەرگی پاکیزەیەکدا هاتیت

ئیقاعی ئاوازەکانت تێکدا

دەستت گرتم و بەناو دەهلیزەکانی گوناهدا ڕاتکێشام


هاوارم کرد لێم گەڕێ، تۆ کە لە ئیبلیسێک زیاتر نیت

لێم گەڕێ، منی ڕووت و عوریان چۆن دەتوانم لەو میحرابانەدا بوەستم؟

تۆ ووتت: جل و بەرگ ناتوانێت حەقیقەتی ئێمە لە خوا بشارێتەوە

خەرقە پۆشین خوا فریو نادات

چاوەکانی خودا تیژن



* * *

من کە لەبەردەم شەریعەتی باڵندەکاندا، لە گومڕایەک زیاتر نیم

قەدەرم بوو ڕاوچی بم

نیوەڕۆیەک لەسەر گۆمێکی شین

سەیری هەڵوەدابوونی ماسییەکانم دەکرد

دەنگێک کە لە نوزەی سەگێکی بریندار دەچوو لە غەیبەوە

پێی ووتم:

بێهودەیە پیاسەی ماسییەکان

لەم گۆمەوە بۆ ئەو گۆم

بێهودەیە بازدانی بزنە کێویەکان

لەم بەردەوە بۆ ئەو بەرد

فڕینی بازەکان

لەم دوندەوە بۆ ئەو دوند

هاواری کرد ئەی لاو تۆ قەدەرتە ڕاوچی بیت

ڕەنگە ئەم شەهێنەی من دەیکوژم

نەغمەخوێنێکی دڵشکاو بووبێت

ڕەنگە ئەم قورینگەی من دەیکوژم مەیزەدەیەکی پیر بووبێت و


ئێواران وەک من کۆخەکۆخ بە کۆڵانەکانی تەنیاییدا

ڕەت بووبێت



خۆرهەڵاتان وەکو من بە لۆژەلۆژ لە شەقامەکانی بێکەسی
پەڕییێتەوە
بەڵام من ڕاوچیم ئەی هاوار من ڕاوچیم
چیم داوە لە شەریعەتی باڵندەکان؟!
چیم داوە لە لەنجەولاری کەناری‌یەکان
لەسەر ئەو ڕێگایانەی ئێوارە داپیپۆشیون
چیم داوە لەوەی تیروکەوانەکەم
نەریتی ئاسکەکان دەشکێنێت یان نا
ئاگری من کتێبی پیرۆزی پەڕەسێلکەکان
دەسوتێنێت یان نا
چیم داوە لەوەی نەفرەتی من
سنووری موقەددەسی هێلانەکان
دەبەزێنێت یان نا
من ڕاوچیم هاوار بەماڵم من ڕاوچیم

ئەستێرەناسێک پێی گوتم:
تۆ لە ئێوارەیەکی غەمگیندا
لە نزیک شۆستەیەکی بەویقاردا دەمریت
تۆ لە نێوان خۆرنشین و دارلیمۆیەکی تەڕدا
لەناو گەماڕۆی تەمومژێکی خەستدا دەمریت
دەمریت و کچان لە سوورپۆشی خۆیان ناکەون و



ژیانیش ئیقاعە بێمەعناکانی تێکنادا

بەردەکان بێدەنگی خۆیان ناشێوێنن

هاوڕێکانت وەکو جاران لە شەقامەکاندا قاقا پێدەکەنن

و

تەنها لە ئەلبومەکاندا بیریان دەکەوێتەوە

کە تۆش سەردەمێک ژیاویت

ڕۆژانێک بە کچەکانت ووتووە بەیانیتان باش

لە زەماوەندەکاندا سەمات کردووە و

بەدەم گۆرانی ووتنەوە بە کۆڵانەکاندا ڕەت بوویت

تۆ دەمریت و هاوڕێکانت تۆیان لە بیردەچێتەوە

ژیانیش ئیقاعە بێمەعناکانی خۆی تێکنادا و

کچانیش لە سوورپۆشی خۆیان ناکەون

بەڵام ئەی کچانی ئۆرشەلیم

بیابان بۆ ئێوە بە کارمامزەکانی‌یەوە

ئاسمان بۆ ئێوە بە نەیزەکەکانی‌یەوە

سوێندتان ئەدەم ئەی کچانی ئۆرشەلیم


ئەگەر یار هات پێی بڵێن: ئەو لە نائومێدیدا مرد

وەک چۆن گەدایەک

لە کوتانی دەرگا مسینەکان نائومێد دەبێ و

لە نەشوەی گەیشتن بە شەوقی دەلاقەیەکدا

دەمرێت



پێی بڵێن:

ئەو وەکو یەهودا لە پەشیمانیدا مرد

ئەو بە بۆنی ئەو خوێنە لە هۆش خۆی چوو

کە بە تەوێڵی ئەسپەکانەوە بوو

ئەو لە ئاوێتەکان ڕایکرد

تێگەیشت ئەو سیما تەڵخە، زەردەخەنەی نابەجێی نایشارێتەوە

تێگەیشت ئەو دەسرۆکەیەی شەونمی بیرەوەرییەکان تەڕی کات

ئاگری هیچ تەقسێک ووشکی ناکاتەوە

ئەو وەک مۆمێکی ترساو

کە شەوەزەنگ دەستی لێوەشاندبێ

بە تاریکی حوجرەکاندا ڕایکرد

تێگەیشت هیچ دوعایەک

کابوسی ئەبەدی سەر سینگمان ناتەرێتی

توخوا ئەی کچانی ئۆرشەلیم

ئەگەر یار هات پێی بڵێن!

* * *

لۆمەت دەکەم هاوڕێ لۆمەت دەکەم

حەق نەبوو دوای وەرینی ئەناناس

لە باخچەکاندا وێنە بگریت

چی دەبوو گەر سەدەیەک دوای مەرگی من

لە میحرابەکاندا

بەسەر بیرەوەری کچەکاندا نەڕشابایتەوە

سەدەیەک دوای مەرگی من

لە مەیخانەکاندا

بانگهێشتی خوات نەکردبا

بۆ سەر سفرەی ئەو دەعوەتانەی

کە بۆنی یەقینیان لێ دەهات

مەرگی من گەورەیە هاوڕێم مەرگی من گەورەیە

سەدەیەک زۆر کەمە هاوڕێم سەدەیەک زۆر کەمە

ئای خوایە ئەو هەموو دڵڕەقی‌یە چی بوو دات بە هاوڕێکانم؟!

ئاسوودەیی بە هەناسە بڕکێ لە تۆ ڕادەکات

وەی چەند کەنەفتی!

بە تۆزی پێی هەنگاوەکانیشی ناگەیت

زەمان بە هانکەهانک لە قیامەت نزیک دەبێتەوە

وەی چەند بەد بەختی!

مسوەدەی دەفتەرولئەعمالی تۆ

لە باخەڵی فریشتەیەکی کوژراودا جێ دەمێنێت

بەیانیەک لە خەو هەستام مەیگێڕ پیر ببوو

مەیگێڕ تۆ ئێمەت فێر کرد
بەئەدەبەوە دەست بۆ زەیتوونەکان بەرین
فێرت کردین کە عیبادەت تەنها لەسەر بەرماڵەکان ناکرێت
فێرت کردین ڕۆژەکان بەم ڕادەیە نارنجی و
شەوەکان بەم ڕادەیە درەخشان نین
مەرج نی‌یە ئەوەی بڕشێتەوە مەست بێت
مەرج نی‌یە بە ئەندازەی قورسی هێلنجەکان
لە هۆشیاری دوورکەوتبینەوە
شەوێک هەموومانت کۆکردەوە و پێت گووتین:
هەرچەندە چراکانی غەریبی
بە شەرمەوە موغازەلەی تاریکی دەکەن
بەڵام کوڕەکانم، بەختیاری نە لە پێکی بادەدایە
نە لە یەقینی زاهیدەکان، نە لە بەرگی ڕاهیبەکان‌دایە
نە لە نوێژی ژنەکان.
بەڵام ئێستا مەیگێڕ تۆ پیر بوویت و دەستەکانت دەلەرزن

❋ ❋ ❋

ئاوەکان لەبەردەمی مەرگی کتوپڕی ماسیەکان حەپەسابوون
دایک... واوەیلای دەکرد بەسەر هێشووە ترێ‌یەکی کوژراودا
کوڕێک، کە لە مەرهەمێک دەچوو لە برینەکان ڕایکردبێت



گۆرانی دەگووت:

هەی نابی نابی چاوجوان وا نا بی

سێوی خوێناوی بۆ دیاری نابی

❋ ❋ ❋

ئەی خەوناس تۆ کە لە سیحربازێک زیاتر نیت

بەڵام گەر بە درۆش بێت پێم بڵێ

مردن چی‌یە لە خەودا؟ بە تایبەت مردنی ماسیەکان

شیوەن چی‌یە لە خەودا؟ بە تایبەت واوەیلای دایک

بەسەر هێشووەتری‌یەکی کوژراودا

گۆرانی چی‌یە لە خەودا؟ بە تایبەت گۆرانی کوڕێک

کە لە مەرهەمێک دەچوو لە برینەکان ڕایکردبێت

یەکەم جار من، شکانی سیحری مانگم لە یادەوەری کانی دا

بە گاڵتەوە وەرگرت


بەزەردەخەنەوە سەیری ڕژانی ئەستێرەکانم دەکرد

بۆ سەر سەکۆی حەوشەکەمان

وامزانی یەخسیرکردنی خۆر

گەمەیەکە و هەورەکان لەگەڵ مندا دەیکەن

کەچی هەر هێندەم زانی تاعوون هەڵیکرد



پیاوێکی پیری دڵتەڕ هاواری کرد:

حەیفە ئەو کابانە قۆڵ بەبازنگانە

کە بۆنی مێخەکبەندەکانیان حەوت گەڕەک دەڕوات

حەیفە ئەو شۆڕەژنانە

کە هاڕەی هەیاسەکانیان لە دوورەوە دەبیسترێت

تووشی ئەم تاعوونە بن

تاعوون هەڵیکرد

کەسمان کفنی خۆمان نەدەناسییەوە

ژنەکان بەسنگی ڕووتەوە دەهاتن

مەمکەکانیان خوێنی لێدەڕژاو دەیانگوت:

ئەم هاوارە چەند لە مردنی ئەسپەکان دەچێت

وەیش... ئەم هاوارە چەند لە مردنی ئەسپەکان

دەچێت!!

* * * * * * * * *

1998

mardin_ibrahim@yahoo.com

باکگراوند: وێنەی شاعیر لەسەردەمی منالییدا.